**لە سکرتاریەتی کۆمیتە مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە...**

## ئاکسیۆنێکی جەماوەری حزب و ڕێکخراوی ئازادی ژن لە دژی کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی فەلوجە لە شاری بەغداد .

ڕۆژی پێنج شەممە 18-11 بە بانگهێشتی کۆمیتەی حزب لە بەغداد و ڕێکخراوی ئازادی ژن کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە گۆڕەپانی الفردوس لە ناوەڕاستی شاری بەغداد لە دژی کوشتار و قەتڵوعامی خەڵکی مەدەنی لە شاری فەلوجە بەڕێخرا.

لەم کۆبوونەوەیە هاوڕێ ( **فلاح علوان** ) کادری حزب و سەرۆکی یەکیتی شوراو سەندیکا کرێکارییەکان و( **ینار محمد** ) سەرۆکی ریکخراوی ئازادی ژن بۆ ئامادەبووانی ئاکسیۆنەکە قسە وباسیان کرد و ویڕای مەحکوم کردنی کاروکردەوە تیرۆریستییەکانی ئیسلامی سیاسی کوشتاری خەڵکی مەدەنییان لە لایەن ئەمریکاوە مەحکوم کرد.

شایانی باسە ئاکسیۆنەکە سەرنجی زۆریك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕاکێشا کە ژمارەیەك لەوانە لەگەڵ **ینار محمد و فلاح علوان** چاوپێکەوتنیان کرد.

2004 / 12 / 4